# ڕەخنەو تێبینی لە سەر وەڵامدانەوەکەی
# کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

**ن: مینە حیسامی**

**و: (شەماڵ)**

ڕووداوەکانی ئەم دواییە پیشان دەدات، لەچوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ئازادی ڕادەبڕین بەس بۆ کەسانێکە، کە وەکوو ڕێبەریەکەی بیربکەنەوە. ئەندامان تاکاتێک خاون ئازادی و متمانەن، کە پەیڕەو وبەرگریکاری ڕێبەری بن و وەکوو ئەوان بیربکەنەوە. ئەمە، هەر هەمان ئازادی بۆ خۆییەکانە و نەک ناخۆییەکان. تەواوی ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دواییش شایەتی ئەم مەسەلەیەن. بەڵام لەگۆڕەپانی سیاسیی‌دا، ڕادەی ئازادی هەر کۆمەڵگایەک و هەر کۆڕوکۆمەڵێکی مرۆڤایەتی، لەسەر ڕادەی ئازادی ڕادەبڕینی ناخۆییەکان پێوانە دەکرێت.

لەپشت ئەوباس و دەربڕینانەی کە لە بڕیارنامە و ڕاگەیاندن وتارووتووێژەکانی ڕێبەری "حکا"، لەبابەت فراکسیۆنی چالاکی بەناوی کۆمەڵەوە دەردەکە وێ، شێوە بیرکردنەوەیەک لەئارادایە کە؛ لەوتەدا خۆی بەلایەنگری ئازادی دەناسێنێت، بەڵام لە کردەوەدا لەگەڵ هەرچەشنە ئازادیەکی ڕاستەقینە، بۆ درکاندی بیرو بۆچوونی جیاواز و گەلاڵەی ڕەخنەگرانە، سەری ناسازی هەیە.

### ئازادی بێ سنوور لەکۆمەڵگا و ئازادی بەمەرج لەحیزبدا!

لەم دواییانەدا ڕێبەری"حکا"بە دۆزینەوەیەکی نوێ گەیشتووە: "ئازادی بێ بەند و مەرجی سیاسی بۆ کۆمەڵگایە نەک بۆ حیزب". ڕێبەری "حکا" لەڕاگەیەندراوێکدا لە ژێر ناونیشانی "لەوەڵام بە وەڵامدانەوەکەی کەمینەی تەشکیلاتی" ناچار بوون هەندێک زۆرتر ڕاڤەی خۆیان لەسەر وشەی ئازادی، بێننەگۆڕ.

"ڕوونە کە تاک لەکۆمەڵگادا خاوەن مافی ئازادی بێ بەند ومەرجی سیاسیە، یان ئەندامانی ئەنجومەنێکی پیشەیی یان ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیی دەتوانن لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی ئازادی بێ بەند و مەرجی سیاسی لەدەور یەک کۆببنەوە وپرسێکی هاوبەش ببەنە پێشەوە، بەڵام بۆ ئەو مرۆڤانەی کە بەبێ هەستی بچووکترین گوشارێک و بەوشیاریەوە بە قبووڵ کردنی <u>پێڕەو پرۆگرام</u> لەحیزبێکی سیاسیدا لەدەوریەک کۆدەبنەوە و چالاکی حیزبی دەبەنە پێشەوە، بەوشیاریەوە ئازادی سیاسی خۆیان لەم چوارچێوەیەدا مەرجدار دەکەن." ل. 3 بەندی5 دەقی ڕاگەیندراوی ک.ن.حکا

هەنووکە، کە کردەوەی ڕاستەقینەی "حکا" خۆی دەرخستووە و نیەت ونهێنیەکانی دڵی ڕێبەرانی دەرکەوتون، بە بێ هیچ لەبەرچاوگرتنێک ئازادی ئەندامەکانی حیزب مەرجدار دەکەنەوە و خۆیان لەپلەی ڕێبەریدا وەک "سەرپەرشتیار" دەردەکەون. ڕێبەری "حکا" کە بەردەوام تێدەکۆشن بەهێنانەوەی وتەگەلێک لە کەسایەتیە

مەزنەکان ڕاستی سیاسەتەکان و کردەوەکانیان بسەپێنن، لەم بابەتە دیاریکراوەدا، هەربە بیریاندانایەتەوە کە لەکوێ و لەکام بەرهەمی ئەو مەزنانەدا وەها ڕوونکردنەوەیەک لەئارادایە.
گوایە کەسەکان بەهاتنیان بۆنێو "حکا"، خۆ سانسۆرکردن و سنووردارێتی ئازادی خۆیان دەسەلمێننو بەمجۆرە، لەڕاستیدا ئازادی خۆیان خەڵات دەکەن بەسەرەوەترەکان، هەتا بەجێگای ئەوان بیربکەنەوە و بڕیار بدەن و بەم پێیە کۆمەڵێک مرۆڤی گوێڕایەڵ بن.
چما، ئەندامانی پێکهاتەی "حکا" ئازادی و ورە (ئیرادە)ی خۆیان داوەتە دەس کومیتەی ناوەندی یان کەسی ڕێبەری و خۆ دەکەنە کەرەسەیەک بەدەستی ئەوانەوە. ئەم بوچون و هەلسەنگاندن و تێڕوانینە لە پلە وپایەی حیزبێک کە لەکەسانێکی ئازادبیر، بەدەربەست و خەباتکاری سیاسی پێکهاتبێت زۆر بەدوورە. تاکەکانی تەشکیلات نابێت وەکوو کۆمەڵێک مورەی شەترەنج لەدەست کومیتەی ناوەندیدا چاوەلێبکردرێن کە بۆ درێژەدانی دەسەلاتی خۆیان، وەک  هێزی پێکهاتەیی بەکار بهێنرێن.
ئەڵبەت ڕوونە کە هۆکاری پێبەخشینی ئازادی بێ بەند ومەرج بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاش ئەمەیە کە: یەکەم، ئەم چەشنە جوامێریە خەرجیتێ ناچێ  و تەنها گشت بێژیەکی بێ ناوەڕوکە. دووهەم، رێبەری "حکا" هێزی بەڕێوەبەرایەتی لەکۆمەڵگادا نیە و خاوەن بەرپرسایەتی و پلەی دەوڵەتی نیە. بەم پێیە نواندنی وەها ڕوالەتێک بێ زیانە و تەنانەت لەوانەشە خەڵک تووشی ئەم گومان و خەیاڵە بکات کە گوایە حکا بەڕاستی لایەنگری ئازادی بێ بەند و مەرجی سیاسیە بۆ کۆمەڵگا.
لایەنگری ئەوان لەئازادی بێ بەند ومەرجی سیاسی بۆ کۆمەڵگا وتەیەکی سەرزارەکی بێناوەرۆکە. حیزبی لەم چەشنە هەرکات گەیشتوون بەدەسەڵات، نەتەنیا ئازادیان لە پێکهاتەکەیاندا لەنێو بردوە بەڵکوو لە کۆمەڵگاشدا ئازادیان خنکاندوە. کێ بڕوادەکات کە حکا لایەنگری ئازادی بێسنووری سیاسیە بۆ خەڵک؟ لەحاڵێکدا ئازادی ئەندێشە و بۆچوونی بۆ هاوسەنگەرانی خۆی بەکردەوە و بەئاشکرا سنووردار کردوەتەوە. کەسێک کە سەبروتاقەتی بیستنی دەنگی جیاواز و ڕەخنەی لەڕیزی پیکهاتەکەی خۆیدا نەبێت، بەهیچ شێوەیەک توانای تێگەیشتن و تاقەتی بیستنی بیر و بۆچوونی جیاواز لە کۆمەڵگایەکی چەندملیۆنیدا نابێت.
بێ بەڵێنی بەوەها دروشمێک لەکردەوەدا؛ لەگەڵ یەکەمین سەرهەڵدانی دژایەتی تاک یان گروپێک لەگەڵ سیاسەتەکان و شێوازەکانی ڕێبەری، خێرا دەردەکەوێت. لەو ساتەوەختەی کە ئازادی ڕادەربڕین و ئەندێشە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوە و پەروەردەبوونی ڕوانگەی ڕەخنەگر و، ئەوکاتەی کە ڕەخنەگران کۆتایی بە تاقانە بێژی ڕێبەری حکا دێنن، ئازادی بایەخ و حورمەتی خۆی، لای ئەمانە لەدەست دەدا و گەڕانەوە بۆ بەرهەمە کلاسیکیەکانیش لەبیردەکرێت.
لەوەها هەلومەرجێکدا گوتار و کرداری ڕێبەری "حکا" هاوئاهەنگی و تەباییەکی نا موبارەک دەگرێتەخۆ. لەقسەدا بە لێکدانەوەی؛ سنورداربونی ئازادی لەناو تەشکیلات و،لە کردەوەشدا بە ئامادە سازیو بزواندن وهاندانی ئەندامان، ئاگاهانە جەو وفەزایەکی مەسموم دەخولقینن. ئینجا بەکەڵک وەرگرتن لەوجەو فەزایەش

ئەپەری حەول و تەلاش دەخەنەگەر بۆئەوەی؛ یان، نەیاران بێ دەنگ کەن و یان، بەهەرشەو بێ حورمەتی پێکردن، بۆ بەجێ هێشتنی تەشکیلات پاڵیان پێوەنێن وبەمجورە روپۆشێکیش دەخەنە سەر سیناریوی پاکسازی ودەرکردن.

پلنیۆمی16ی حکا و ڕووداوەکانی دوای ئەو پلنیۆمە لەئاستی جۆراوجۆری پێکهاتەییدا، کە کۆمەڵەی هەتا بەردەم لێکهەڵوەشان پاڵ پێوەنا، نموونەیەکی دیار و ناپەسەند و بەدناو ورسوای وەها شێوازگەلێک بووە و دووپات کردنەوەی بۆ تەشکیلات پڕئازار دەبێت. بەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە ئەمێستا لەو بوارەوە جێگای گرینگییە کە ڕێبەری حکا شێواز و میتۆدگەلێکی هاوشێوەی ئەوسەردەمی گرتووەتەبەر.

## مەبەست لە پەیڕەوی کەمینە لەزۆرینە چیە؟

ئەگەر ڕێبەری حکا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە قایلە بەبوونی دیموکراسی نێوتەشکیلاتی و بەکردەوە توانای بیستن و تاقەتی بۆچوونی ڕەخنەگرانەی هەیە؟ دەبێت بەڕاشکاوی ڕوونی بکاتەوە کە ڕادەی ئەم دیموکراسیە نێوان تەشکیلاتیە چیە و سنوور و لەمپەری ئەوە چی دەبێت؟ گەر ئەمڕۆکە ڕێبەری، ئازادی ڕادەربڕین و ئەندێشەی لە پێکهاتەیەکدا کە ڕێبەریەکەی لەئەستویە، سنووردار و بەمەرج بکاتەوە، وەک ڕۆژ ڕوونە کە گەر کاتێکیش بەڕێوەبردنی کاروبار و دەسەڵاتداری کۆمەڵگای لەدەستدابێت، لەو کۆمەڵگایەدا هەواڵێک لەئازادی نابێت.

چاکترە هەر ئەم دەقە[1]، کومیتەی ناوەندی "حکا" بەفەرمی لەکۆنگرەی داهاتوویدا بیخاتە پێڕەوی حیزبەوە هەتا چالاکانی سیاسی بەرلە هاتنیان بۆ وەها حیزبێک ئەرکی ئازادی خۆیان بزانن. مەرجدار و سنووردارکردنەوەی ئازادی بەیان و ئەندێشە لەحیزبێکی سیاسی و یان هەر پێکهاتەیەکدا، بەهەر نیەتێکەوە کەببێت، سەرئەنجامێکی بێجگە دیکتاتۆری کۆمەڵێکی بچووک نیێە و دەبێت بە لەمپەرێکی جیدی لەبەرانبەر: سەرزیندەیی،گەشە و پێشکەوتنی هزری ئەو پێکهاتەیە.

ڕێبەری "حکا" بۆخستنەپەراوێزووەلانانی "فراکسیۆن" تەنانەت ڕێزێک بۆپێڕەوی ناوخۆش قایل نیە و بەئاسانی پێچی لێدەداتەوە. تێگەیشتنی گشتی ئەمەیە کە کەمینە لە بردنە پێشەوەی ئەرکە تەشکیلاتیەکانیدا پابەندە بەپەیڕەوی لەزۆرینە، نەک لەبواری بۆچوونیەوە. ئەنجامی ئەرکەکانی حیزبی لەسەر بنەمای دابەشکردنی کاری دەروون پێکهاتەیی، بابەتێکەو، پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین بۆئەندامان و یان ئازادی بۆ "فراکسیۆن" یان کەمینەی پێکهاتەیی لەدەربڕینی بۆچوونە سیاسیەکانیاندا بابەتێکی دی.

---

[1] "بۆ ئەو مرۆڤانەی کە بەبێ هەستی بچووکترین گوشارێك و بەوشیاریەوە بە قبووڵ کردنی "پێڕەو پرۆگرام" لەحیزبێکی سیاسیدا لەدەوریەك کۆدەبنەوە و چالاکی حیزبی دەبەنە پێشەوە، بەوشیاریەوە ئازادی سیاسی خۆیان لەم چوارچێوەیەدا مەرجدار دەکەن."

ئەندامان بەهاتنیان بۆنێو حیزب قبووڵی دەکەن و بەڵێندەرن بە ئەنجامدانی، بەرەوپێش بردنی ئەرکێکی دیاریکراو لەپێناو ئامانجێکی دیاردا. نەک ئەوەیکە ئازادی خۆیان بنێنەلاوە و زمانیان گرێبدەن. گەر کەسێک نەتوانێت بەرگری لەئازادی خۆی بکات، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت بەرگریکارێکی چاک بێت بۆ چەسپاندنی ئازادی لەناوکۆمەڵگا. خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم لەحیزبێکدا کۆدەبنەوە هەتا پرسێکی هاوبەش، بەشێوەیەکی بەکۆ، ببەنە پێشەوە. ئەو خەباتکارانە لە دژی سیستمێک ودەسلاتدارانێک راپەریون کە ئازادی خەڵکیان زەوت و پێشێل کردوە و لەڕێگای چەوساندنەوەیانەوە، ژیانی کۆمەلانی بەشمەینتیان بەرەو فەوتان بردوە. بەم پێیە بێ گومان قبووڵ ناکەن کە ئازادی خۆشیان سەرەتا سنووردار و لەکۆتاییدا پێشێل و بەربەست بکرێ.

شێوازی هەڵسوکەوتی ڕێبەری لەگەڵ بەرهەلسکارانی نێوتەشکیلات، هەڵسوکەوتێکی دژە ئازادی و بەتەواو بۆرۆکراتیکە. پەیرەوی کەمینە لە زۆرینە لەئەنجامدانی ئەرکی ریکخراوەییدا شیاوی تێگەیشتنە، بەڵام چاوەروانی پەیرەوی کەمینە لە بۆچوونە سیاسیەکانی زۆرینە، ویستێکی بێ مانایە و لەقبووڵکردن نایەت.

پێڕەوی نێوخۆ؛ مافی کەمینەی سەلماندوە، بەڵام ک.ن "حکا" لەبەریوەچونی ئەم مافە بەرگرێدەکا. بەم هۆیەش بەهینانەگۆڕی گەلاڵەوتاشینی پەراوێز گەلێک، کە پێوەندیەکی بەپێڕەوی نێوخۆییەوە نیە، وەها دەنوێنێت کە گوایە کەمینەی تەشکیلاتی بوبەرهەلستی هێڵی فەرمی تەشکیلات ئیزن نەدراوە.

چەمکی کەمینە بوون لە پێڕەوی نێوخۆی پێکهاتەیەکدا، خۆی بەمانای سەلماندنی بەرهەلسکاریە لەبەرابەر ڕوانگە و بنەمای فکری وسیاسی حاکم بەسەر ئەو پێکهاتەیەدا. هیچ مەرج و لەمپەرێکیش، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕوانگە باوەکانی حیزب، لەپێڕەوی نێوخۆدا، بوونی نیە. بەم هۆیەوە "فراکسیۆن"، خۆی بەتەواوی سەربەست دەبینێت کە، بەهەلویست گرتن لەبەرابەر ڕوانگەکانی ک.ن"حکا"، بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت.

هەنووکە، کار گەیشتووەتە جێگایەک کە گوایە لەدیاری کردنی نێوی "فراکسیۆن"یش وەکوو کەمینەیەکی پێکهاتەیی، ک. ن "حکا" دەبێت بڕیاردەر بێت! بەم پێیە، ڕێبەری بە بەربەست کردنی ئازادی و دیموکراسی ناو تەشکیلات، دەیەوێت هەموان ناچار بە بێدەنگی نواندن وگوێ رایەڵ بون بکات. وە بەم شێوەیە، لەبنەڕەتدا سەرچاوەی زیندوو بەنرخی زانین وبیرکردنەوە و پێشکەوتن دەبەستێت. ئاکامی وەها سیاسەت وکردەویەک ، ستەمێکی گەورەیە دەرحەق بە هەموو تەشکیلات و هەربەتەنها پێی "فراکسیۆن"ناگرێتەوە .

لەو ولاتانەی کە ئازادی مرۆڤەکان کۆت و بەنددەکریت، بەردەوام حکومەت، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن تۆمەتبار دەکات کە، ولات تووشی ئاژاوە و لێک ترازان دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا دۆزەکە جۆرێکی دیکەیە. لێژنەی فەرمانرەوا مەترسی لەدەستدانی دەسەڵاتەکەی خۆیەتی، نەک پەرۆشی ئاژاوە وشەڕوشۆڕ یان لێکترازانی ولات. چۆنکە شێوە و سروشت و بەگشتی کۆی سیاسەتەکانی دەسەڵاتدار، ئەو ولاتە بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر دەخاتە وەها ڕێچکەیەکەوە.

ئازادیە سیاسیەکان تائەو جێگایە لەلایەن دەسەلاتدارانەوە ئیزن دەدرێ کە دەسەلاتیان نەخاتە بەرهەڕەشەوە. هەرکات کە هێزی ئەوان بکەوێتە بەر کێشمەکێش و بەربەرەکانێ مەترسیدارەوە، لەدرفەتی یەکەمدا ئەمە ئازادیە کە دەبێتە قوربانی. جا لەژێر ئەم ناوەدا بێت کە وڵات لەمەترسیدایە، یان بەم بیانوەوە کە حیزب لێکهەڵدەوەشێتەوە، لەناوەروکدا دۆزەکە تۆفیرێک ناکات.

وەها تێڕوانینێک لەسبەینێی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەلایەتی کرێکاران و چەوساوەکانی کۆمەڵگادا، بۆپاراستنی دەسەلاتی خۆیان، لەژێرناوی پاراستن وچاودێری کردن لەدەستکەوتەکانی شۆڕش، سەرەتا بەسنووردارکردن و لە کۆتاییدا بۆ بەربەست کردنی ئازادی بەیان و ئەندێشە دەسبەکاردەبن. وەها سروشت و کردارێک ئەوپەڕی دژەئازادی بوونە و هیچکات کۆمەڵگای شۆڕشگێڕ نەیتوانیوە، بەکەڵک وەرگرتن لە شێوە دژەدیموکراتیکەکان بگات بەئامانجە سۆسیالیستیەکانی. لەم چەشنە حیزبانەدا تەنیا وشەی کرێکار بەچەشنێکی ڕۆژانە دووپات دەبێتەوە، هەرچەندە کە لەنێوان کرێکاراندا هیچ جێگە و پێگەیەکیان نیە و یان لە بنەڕەتدا پێوەندیەکیان بە کرێکارانەوە نەبێت.

سنووردار کردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین و ئەندێشە لەتەشکیلاتدا، کۆمەڵە تووشی هەمان ئەوچارەنووسە دەکات کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەساڵی1991دا تووشی بوو. بەم پێیە چاکتر وایە هاوڕێیانی ڕێبەری بەجێگای قوربانی کردنی دیموکراسی نێوتەشکیلاتی و نوقم بون لە فەزای سڕینەوە و پاککردنەوەی بەرهەلسکاران، هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ، بۆ پێشگرتن لە داڕووخانێکی دیکە.

## حاشاکردن لە ڕاستیەکان"حکا" دەرباز ناکات!

هاوڕێیانی کومیتەی ناوەندی "حکا" بەڕواڵەت لەکۆی هاوڕیانی تەشکیلاتییان دەوێت کە؛ لە تۆمەتە ناڕەواکان وگڕژی نواندن لە باسەکانی نێو تەشکیلاتدا دووربکەونەوە. بەلام خێرا پێشنیارەکانی خۆیان لەبیردەکەن و بە بەکار هێنانی دەستەواژەکانی لیبراڵیزم وهەلپەرستی (ئۆپۆرتۆنیزم)بەبێ هیچ بەڵگەهێنانێک دژی "فراکسیۆن" دێنەگۆڕەپانەوە.[٢]

چما، بەکارهێنانی وەها ناو وناتۆرەیەک لەلایەن ئەوانەوە و ئەویش لە پۆستی کومیتەی ناوەندیدا، بەرەوا زانراوە!

کومیتەی ناوەندی "حکا" وادەنوێنێت کە لەبەکارهێنانی کلتووری ناسیاسی و سووکایەتی پێکەرانە لە باسەکاندا خۆی دەبوێرێت. بەلام کێ هەیە نەزانێت بەرپرسانی سەرەکی"حکا"، ڕێنوێن و پەرەپێدەری کلتوری گرژی نواندن و سووکایەتی کردن و، ڕێکخەری کەش و فەزای ژاراوی دژبە "فراکسیۆن"ن. ڕێبەری

[٢] "لێرەدایە کە لیبراڵیزم لەمەسەلە بەرنامەییەکان و ستراتیژی سیاسی و تاکتیکیدا لەگەڵ هەلپەرستی(ئۆپۆرتۆنیزم)دا لە کێشە تەشکیلاتیەکاندا تێکەڵ دەبێت و لەخەباتی حیزبیدا خۆی پیشان دەدات..."

حیزب بەردەوام و بەئەنقەست دەست پێکەری پێکهینانی بوواری گرژی وبزواندنی هەستی کەسەکانە، تا باسەکان لەکەش‌وفەزایەکی  هێوردا بەڕێوەنەچێت.
مەسەلەی ئەساسی لەم کێشمەکێشەدا بەوشێوەیەی کە ڕێبەری "حکا" باسی دەکا، لەبنەڕەتدا لەسەر ناو یان دێڕی "فراکسیۆن" نیە. ئەوەیکە گوایە "فراکسیۆن" بە کەڵک وەرگرتن لەناوی" فراکسیۆنی چالاکی بەناوی کۆمەڵە"، دەیەوێت زۆرینەی تەشکیلات لەم ناوەبێبەش بکات، داوایەکی بێبنەمایە و، بەس بۆ هەڵخڕاندنی تەشکیلات، لەلایەن ڕێبەری حیزبەوە  بەکاردەبرێت. بەپێچەوانەوە؛ ئێمە وتومانە کە حیزب شتێک نیە، بێجگە لە کۆمەڵە، وکەسێک بێجگە لە "کۆمەڵەییەکان" لەم جیزبەدا نین.
ڕێبەری حیزب بە قوتکردنەوە ونوسان بە کێشەی "ناو"ەوە، دەیەوێت زەینەکان بەلاڕێدا بەرێت، و لە وەڵامدانەوە بە مەسەلەی سەرەکی خۆی ببوێرێت، و بەم چەشنە بیانووخوازیە؛ بەکردەوە، "فراکسیۆن" لە مافی بڵاوکردنەوەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی، لەڕێگای تەلەفزیۆن وباقی ڕاگەیەنەرەکانی تەشکیلاتیەوە بێبەری بکات.
دەستەوداوێن بوونی ڕێبەری تەشکیلات بەشێوەگەلی ناڕەوا؛ پشتبەستنی بێبەڵگەو ناپەسەند بە پێڕەوی نێوخۆییو، کەڵک وەرگرتن لە دەسەلاتی تەشکیلاتی بۆسڕینەوەی دەنگی بەرهەڵستکار، شێوەگەلێکی ناپەسەندە کە گەر لەکورت ماوەدا بۆ سوکنایی باش بێت، لەدرێژماوەدا کاراییەکی نابێت و یەخەی ئەم ڕێبەریە دەگرێت. بوونی کۆمیسیۆنێک یان لێژنەیەک بۆ چاودێری بەسەر کاری کومیتەی ناوەندیدا، کە ئێمە پێشنیارەکەیمان گەڵاڵەکردوە، لەولایەنەوە پێویستە کە: یەکەم، وەها ناوەندێک دەوری هێزێکی دادوەری لەناو تەشکیلاتدا دەبێت، دووهەم، دەتوانێت لەمپەری بێت لە بەرابەر سەرەڕۆییکومیتەی ناوەندی. لەم جۆرە بابەتەدا کە هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی جیاواز  لەسەر پێڕەوی نێوخۆ هەیە، دەبێت باسی کارناسی بێتە ئاراوە و بۆ ئەمکارە کومیسیۆنێک بۆ توێژینەوە و چاودێری بەبەشداری "قایل" و "نارازی" دەتوانرێت پێکبهێنرێت.
ئەم کومیسیۆنە دەتوانێت چاودێری کارو کردەوەی لایەنەکان بێت لەنێو تەشکیلاتداو، وەکوو ناوەندێکی باوەڕپێکراوێکیش دەتوانێت بەو سکاڵایانە ڕابگات کە کومیتەی ناوەندی لێی بەرپرسیارە.
بۆ وێنە ئێمە چەندماوەیەک بەرلە کۆنگرەی13ی کۆمەڵە بەنووسراوە، داخوازی و سکاڵایەکمان گەڕاندوەتەوە بۆ کومیتەی ناوەندی، بەڵام بەردەوام لەگەڵ پشت گوێ خستن و بێ وەڵامیدا بەرەوڕوو بووینەتەوە.
وەها ناوەندێک دەسەڵاتی بەکردەوە بێسنووری کومیتەی ناوەندی سنووردار دەکات. بەجورێک،  کە لەبەرانبەر دەنگهەڵبڕینی خوارەوەی تەشکیلاتدا وەڵامدەرەوە بێت. ڕێک بەم هۆیەیە کە ڕێبەری "حکا" لەبەرانبەر ئەم پێشنیارەی "فراکسیۆن" دا، گاردێکی قورس وقایمی گرتووە و لەئەوپەڕی کەمتەرخەمیدا، پێشنیاری"فراکسیۆن"ی بۆ بنیاتنانی کۆمیسۆنێکی هاوبەش، بۆ پێڕاگەیشتن بەم تێ بینیە جیاوازە  لەبارەی پێڕەوی نێوخۆیی، ڕەتکردەوە.

بەپێی پێڕەو، کۆنگرە سەروەترین سەرچاوەی پێکهاتەییە و ئەندامان هەر سکاڵا و ڕەخنەیەکیان ببێت، دەتوانن لەکۆنگرەدا گەڵاڵەی بکەن. بەڵام مێژووی کۆنگرەکانی حیزب شایەتی دەدات کە، هەتا ئێستا هەر پێشنیارێک کە لەگەڵ ویست و داخوازی کومیتەی ناوەندیدا، ناتەبابوبێت، لەهیچ کۆنگرەیەکدا، نەخراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی دانیشتنەکانی ناو کۆنگرە.

ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی لەوەڵام بە ڕەخنەکانی "فراکسیۆن" بەبیر دەهێنێتەوە کە:

"...بەڵام جێبەجێکردنی ئازادی بێ بەند ومەرجی سیاسی لەنێو حیزبێکی سیاسیدا بەم واتایە دەبێت کە بەرنامە و پێڕەو و بڕوا هاوبەشەکان جێگای خۆیان بۆ یەکگرتوکردنی مرۆڤەکان لەدەست دەدات و بواری داڕووخان و لێکهەڵوەشانەی حیزب دێتەکایەوە."

گەر مەبەست لێکهەڵوەشانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە، ئەم حیزبە لەدنیای واقیعدا لە ساڵی 1991ەوە، هەرەسی‌هێناوەو، پێوەندیەکی بە باسەکان و دەمەقاڵەکانی ئەم سەردەمە نیە. ئەوەی کومیتەی ناوەندی سالهایە نایەوی ئەو ڕاستیە بسلمێنێ کێشەی خۆیەتی. ڕاگەیەنراوی "فراکسیۆنی چالاکی بەناو کۆمەڵە"یش جەخت دەکاتەوە کە"حکا" شتێک نیە، بێجگە لە سێبەری کۆمەڵە. بەم پێیە ئەم تۆمەتبارکردنەی "فراکسیۆن" بە هەڵوەشانەوەی حیزبێک، کە شوینەواریکی لەکۆمەڵگەی ئێراندا نیە، بێجێگە و ناڕەوایە.

هەموان دەزانن کە هەموو پێکهێنەرانی ورد و درشتی "حکا"ـــ بێجگە لە کەمینەیەک لەکادرو ئەندامان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، کەسوروبەردەوام بون بۆدریژەدانی ڕێبازی کۆمەڵە ـــ سەرەرای زۆرینە بونیان، ریزی ئەم حیزبەیان دەمێکە ولەساڵی ١٩٩١ وە بەجێهێشتووە. ئەمە تەنیا ڕێبەری "حکا"یە کە ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە لەبەرچاو ناگرێت.

بەڵام گەر مەبەست پێکهاتەی کۆمەڵەیە، هەمووان ئاگاداری ئەم ڕاستیەن کە ئێمە، تەواوی هێزی خۆمان لەم ڕێگایەدا خستووەتە گەڕ هەتا کۆمەڵە، لەمە زۆرتر زیان نەبینێت. لێرەوە و بەسەرنجدان بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە کۆمەڵە لە نێوان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ڕووناکبیرانی چەپ و شۆڕشگێڕی کۆمەڵگای کوردستاندا هەیەتی، ئازادی دەربڕینی گوتە و ئەندێشە لەنێوان وەها پێکهاتەیەکدا لەنانی شەو پێویستترە. تەنیا لەم ڕێگایەوە و بەهەڵخراندنی وشیاری سیاسیە، کە خەڵک مەجالی هەڵبژاردنی ڕێگای دروستیان دەبێت. کۆمەڵە، وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی ناسراوو یار و یاوەری زەحمەتکێشەکان، لەڕێگای سنووردارکردنی ئازادی لەنێوخۆیدا خەسار دەبینێ و لاواز دەبێت.

## کارگەی بەرهەمهێنانی ناسیۆنالیزم

ڕێبەری"حکا" بۆخۆنواندن وابلاو دەکاتەوە کە؛ بەرهەڵستکاری سیاسەتەکانی ئەم حیزبە لەلایەن ئێمەوە، دوورکەوتنەوەیە لە کۆمۆنیزم و بریتێەلە کەوتنە داوی: ناسیۆنالیزم، لیبراڵیزم،... ویان سۆسیال دیمۆکراسیەوە! گەر ئەم نازناو و ناتۆرانەی کە ڕێبەری حیزب دەیداتە پاڵ بەرهەڵستکاران و ڕەخنەگرانی خۆیەوە، بەگرنگ وەرگیرێ، دەبێت ڕۆژێک ئەم ڕێبەریە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، کە بۆچی کارگەی

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەردەوام مرۆڤی ناسیۆنالیست و لیبراڵ و... دەداتەدەرەوە؟ پرسیاری ڕاستی ئەمەیە کە لەئەساسدا؛ بۆچی مرۆڤە فیداکار و دروستکار و ماندوییی نەناسەکانی ئەم پێکهاتەیە هەنگاو دەنێنە وەها ڕێچکەیەکەوە!؟ ئایا هەڵەکە لەم مرۆڤانەوەیە؟ یان لە ڕوانگەی قەتیس ماو و هێڵی بیری وشک، کە زاڵە بەسەر چارە نوسی ئەم پێکهاتەیەو، بە حەپەساوی لەچاوەڕوانی ڕوداوی‌لەناکاوی کۆمەڵایەتی بەسەردەبا!؟

گەر ئەم ڕێبەریە بەڕاستی بڕوای بەو پڕوپاگەندەیەی خۆی هەیە و تەکنیک و ڕێکارێک نیە، بۆ خستنەپەراوێزی ڕەخنەگرانی خۆی، دەبێت بەپێ مەنتیق قبولی بکات کە بەستنی وەها کارگایەک کە بەردەوام کادر و پرسێنلی "ناکۆمۆنیست" پەروەردە دەکات، زۆر لە بەرژەوەندی کۆمۆنیزم دا دەبێت. بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی لەم چەشنە، تەنانەت ساتێکیش بەدەرنگ کەوتن ڕەوا نیە.

بەداخەوە ڕێبەری حکا تووشی ئەم گومانە بووە کە گوایە، بەتۆمەتبارکردنی ڕاستگۆترین هاوڕێیانی هاوخەباتی خۆی، بەناسیۆنالیست و لیبراڵ و هیتد، باڵایەتی و سەروەری بۆخۆی بەدەست دێنێت. لەحاڵێکدا نەویستراو، خۆی دەخاتە ڕیزی چاوەڕوانی پەیوەست بوون بە خێڵی هەر ئەم "بیرگۆڕاوانە"وە. سەرەئەنجام ڕۆژێک دادێ و، کەس یان کەسانیک پەیدادەبن کە؛ ڕێبەری هەنووکەیی حیزب هەر بەم شێوەیەی خۆیان، لەگۆڕەپانی حیزب وەلادەنین.

هەرمرۆڤێکی کە بیرکردنەوەو لێکدانەوەی بەشێوەیەکی زانستی بێت، لەخۆ دەپرسێت کە بۆچی حەوزەکانی عیلمیە و کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئاخوند، دژە ئایینێکیان بەرهەم نەهێناوە؟ بەڵام ئەم کارگە کۆمۆنیستیەی "حکا"، ساڵیانی ساڵە سەرقاڵی بەرهەمهێنیانی بەروبومی ناکۆمۆنیستی خۆیەتی؟ ئەمە چ جۆرە حیزبێکە کە بەردەوام چالاکانی کۆمۆنیست دەکاتە ناسیۆنالیست و یان هەر ئیسمێکی دیکە؟ کۆمۆنیستە ڕاستەقینەکان دەبێ لەبیر دۆزینەوەی ڕێگاچارەدا بن، نەک ئەوەیکە لەبۆ پاراستنی دۆخی باو سەرسەختی پیشان بدەن و، لەو وەزعە وەکوو دەرفەتێک بۆ خۆهەڵکێشان ومەعرەکە گیری کەڵک وەرگرن.

بەم پێیە کێشەی سەرەکی لە تێڕوانینێکدایە کە؛"حکا"هەیەتی و پێدادەگری ئەوە بە نێوی، کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمەوە پێشکەش بکات. ئەوان تێدەکۆشن مارکسیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بکەن بە مەزهەب. ئەڵبەت گەر کۆمۆنیزم وەکوو زانستی ڕزگاری مرۆڤایەتی بانگەشەی بۆ بکرێت و، مەزهەبێکی لێ دروست نەکرێت، ئیدی پێویستی بە نەجاتدەرانێکی وەکوو "حکا" و ڕێبەریەکەیشی نابێت. ئەوان دەبێت لە سۆسیالیزم مەزهەبی دڵخوازی خۆیان دروست بکەن، بۆئەوەی بەڵکوو خەڵکی دیکەش بخەنە بۆاری‌پەیڕەوی کردنەوە و، ئیزنی گومانکردن لەتێزەکانی بە ئەمانەت بە جێ‌ماوی مەنسوور حیکمەت بەکەسانێک نەدەن.

سروشتیە کە ڕێبەری هەنوکە، پێداچوونەوە بە تێزەکان و بیرۆکەکان و سیاسەتەکانی حیزب، هەست پێنەکات و زۆر ئاسان هەموو کێشەکان و گرفتەکان بخاتەپاڵ خەڵکی دیکەوە. لەحاڵێکدا ڕێبەری حیزبێکی سیاسی جیددی، دەبێت کۆی هەڵوێست و میکانیزمەکان و فۆنکسیۆنەکانی نێوپێکهاتەکەی، بەبێ ترس و

دوودڵی و، بۆ  دۆزینەوەی کەمی و کوڕی و گرفتەکان، بخاتەبەر پێداچوونەوە و پشکنین و،ڕێگای چارەسەرکردن پێشکەش بکات. بەڵام ڕێبەری"حکا" هەمیشە کوێرەڕێی هەڵبژاردوە و، لەجیاتی بیری چارەسەر کردن، لەفکری هەزینەکەیدا بۆەو، ڕوی کردوتە  داتاشینی مەیلو بۆچونو دەستی داوتە قسەڵوک هەڵبەستن بۆئەموئەو و، ڕەخنەگران خستنەپاڵ ناسیۆنالیزم وهیتد. هەرلەکۆنەوە، ئەمەشێوەی وەڵام دانەوەی ڕێبەری "حکا"بۆە بەقەیرانی فکری و سیاسی ئەم پێکهاتەیە. خاڵێکی گرینگی تر  ئەوەیەکە، بەرگری لەمافی کەمینە نەتەوەییەکانو، خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوەیی ناسیۆنالیزم نیە. بەشداری دڵخوازانە و فیداکارانەی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورددواو، ڕێکخستنی خۆڕاگری خەڵک لە بەرانبەر هێزشی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان، شایەتی زیندووی ئەم حەقیقەتەیە.

کەس کۆمۆنیست یان ناسیۆنالیست لەدایک نابێت. مرۆڤەکان وەکوو بوونەوەری ئەندیشمەند، لە پڕۆسەی بیرکردنەوەیاندا بەبیرو باوەڕێک دەگەن و پێی بڕوامەنددەبن. مرۆڤە کۆمۆنیستەکانیش بەپێی ئەندێشەی خۆیان ڕوویان کردوەتە خەبات و بە وشیاری و دڵخوازانە، پێکهاتەی جێی مەبەستی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و خەبات لە دژی هەرچەشنە ستەم و چەوساندنەوەیەک هەڵدەبژێرن. چاوەڕوانیلە وەها پێکهاتەیەک ئەوەێەکە، بە توانایی‌و لێهاتوییەوە مرۆڤە ناکۆمۆنیستەکان بخاتەژێر کاریگەریەوە و بیانکات بە مرۆڤگەلێکی کۆمۆنیست، نەک پێچەوانەکەی روبدات.

بێگومان کۆمۆنیزم بەهۆی خەبات لەڕێگای گۆڕانی بنەڕەتی لەکۆمەڵگا و لەدۆخی کار و ژیانی کرێکاران وزەحمەتکێشان و بێبەشان و چەوساوەکانی کۆمەڵگادا، دەبوو بەئاسانی ئەوان بۆلای ئامانجەدیایکراوەکان، واتە بەرەو ڕزگاری لەستەم و چەوسانەوە ڕابکێشێت و لەدەوری وەها ئارمانیک کۆیان کاتەوە. بەڵام ئەو پڕوپاگاندەی کە"حکا"  و هاووێنەکانی بەناوی کۆمۆنیزمەوە بانگەشەی بۆدەکەن، بەجێگای ڕاکێشان و پێوەلکانی جەماوەرە چەوساوەکان بەرەو ئەو ڕێبازە، بەکردەوە دووریان دەخاتەوە. ئەم چەشنە پڕوپاگاندەیە تەنانەت لەنێوخۆی پێکهاتە و لەپاراستنی یەکڕیزی پێکهاتەشدا ناسەرکەوتوو بووە و بەردەوام تەشکیلاتی تووشی جیاوازی و چەند دەستەیی کردوەتەوە.

## شێوەی بەرپرسانەی فراکسیۆن و گۆشەگیری سیاسی"حکا"

بانگی یەکگرتوویی خوازی "فراکسیۆن هەم لەنێو تەشکیلاتدا و هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا، لەئەساسدا لەو بنەمافکریەوە سەر چاوە دەگرێت،        کەنایەوێت کۆمەڵە لەمە زێتر تووشی هەڵوەرین و خەسار ببێتەوە. لەبەرابەردا ڕێبەری"حکا"، لەئەوپەڕی بەرچاوتەنگیدا پێمان دەڵێت: "دیپلۆماسیتان جۆرنەبووە وئامادەیی جیابوونەوەتان نیە"! وەبەم شێوەیە بەڕاشکاوی بانگەواز جیابونەوە دەکات. ئەمەیە ڕوانگەوڕێگای ڕێبەری"حکا"بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان! وەبەم جورە بەرپرسانی هەنوکەیی ئەوتەشکیلاتە، گەرەکیانە لەشەڕی ڕەخنەگرانی ناوخۆ ڕزگاربن!

کاتێک ئێمە بە ئەوپەڕی هەست بە بەرپرسیارێتی کردنەوە تێدەکۆشین پێش بە هەڵوەرینێکی دیکە بگرین، ڕێبەری"حکا" لە پلەی هێزنوێنیدا دەردەکەوێت و ئێمە بە نائامادەیی و دروست نەبوونی کاری دیپلۆماسی تۆمەتبار دەکات. "فراکسیۆن" بە هۆی دەسەڵاتخوازی سیاسیەوە نەهاتووەتە گۆڕەپانەوە کە تۆقیوی هێزنوێنی و زرینگیە سیاسیەکانی ڕێبەری لە دەرەوە و نێوخۆی حیزبدا ببێت. هەموان بەچاکی بۆیان دەرکەوتووە کە خەنەی ئەمان ئیدی ڕەنگێکی نیە و مێژووی بەکارهێنانی فێڵە سیاسیەکانیان کۆتایی پێهاتووە. ئەوان وەها لە فەزای سیاسی کوردستان وئێران، تەریک و پەراوێز کەوتوونەتە،کە تەنانەت ناتوانن هاوپەیمان و دۆستێکی سیاسی نەگۆر بۆ خۆیان بدۆزنەوە.
ئاشکرا بوونی بەرنامەڕێژی پێشووی کومیتەی ڕێبەری بۆ داسەپاندنی جیابوونەوە، هەم ڕەوابونی ڕێبازو مەبەستی ئێمەی سەلماندو، هەم بزوێنەری ناخوەراموکردەوەی ئەوانی خستە ڕو. گەلێک نموونە لە پروپاگاندە و مناوەرەی نهێنی لەنێوخۆی تەشکیلاتدا هەیە، بەڵام ڕێبەری"حکا" جەربەزەی دەربڕینی ئاشکرای ئەوانەی نیە. ئەوەی کە پێمان دەڵێن مەسەلەی دیپلوماسیتان جێبەجێ نەبوە، خۆیگۆشەیەکە لەو شانتاژگەلە. سەرەرای ئەوانەش، دیپلوماسی"حکا" سالهایە جێبەجێ بووە، بەچەشنێک کە، لەو کانالەوە خەرجی تەلەفزیۆن، تەشکیلات و تەنانەت خەرجی ئەو کادرانەش کە بەڕواڵەت هەمو وختیان بوکاری حیزبی تەرخانکراوە دابین دەکات. کەوابو، کارکردی تەوسوتوانجی لەمچەشنە، دەبێچیبێ!؟ پێشنیاری ئێمە بەڕێبەری ئەمەیە کە لەمە زێتر پێی لەبەرەی خۆی درێژتر نەکاتەوە و لەم چەشنە تانە و تەشەرانە بۆئێمە نەنێرێت. پەندیپێشینانە کە، دانیشتوانی کۆشکی شووشەیی بەرد فرێ نادەن بۆ خەلک.
تورەییو هەڵویستی بەپەلەی ڕێبەری لەبەرابەر ئەو پشتیوانیە سیاسیەی کە لە دەرەوەی تەشکیلات، لە "فراکسیۆن" کرابوو، جێگای تێگەیشتنە. ئەوان ناچارن کە زۆرینەی تەشکیلاتی خۆیان بکێشنەوە بەڕووی خەڵکی دیکەدا، لەبەرئەوەیکە ڕێبازی فکری ئەوان و سیاسەتەکانی "حکا" لەنێو دەستەی چالاکان و دۆستانی کۆمەڵەدا جێگایەکی نیە.
سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەری هەنووکەیی، کۆی تواناو سامانی پروپاگاندەی کۆمەڵەی خستووەتە ژێر ڕکێفەوە، بەڵام نەیتوانی تاکێک بۆ پەسەندکردنی ڕەوشەکان و کردەوەکانی خۆی، لەناو تەیفی دۆستانی کۆمەڵەدا بدوزیتەوە. لەوەها هەلومەرجێکدا، ئەندامانی حیزب خۆیان لەگەڵ ئەم پرسیارەدا بەرەورِوو دەبیننەوە کە بۆچی دوای ساڵیانی ساڵ خەبات و گیانفیدایی لە پێناو حیزبێکدا، تەنیا چەند دۆست و بەرگرێکاریان لەنێو دەستە وتاقمە جۆراوجۆرەکانی "کۆمۆنیست کرێکاری"دا هەیە؟ ئایا ڕقی کوێر ودژایەتی ئەم ڕەوتانە لەگەڵ هەبوونو، بەردەوام بوونی کۆمەڵە لەخەباتی ئازادیخوازانەی خەلکیکوردستان دا، هێشتا پێویستی بە تاقیکردنەوەی دووبارە هەیە؟
ڕێبەرانی "حکا" نە ئەوەندە دیموکرات سروشت بوون کە بابەتی "فراکسیۆن" بخەنە بەر بڕیاری کۆنگرەوە و نە توانایی بیستنی ڕەخنەکانیان لە هۆڵی کۆنگرەدا هەبوو. بڕیار و ڕاگەیاندنەکانی نێوخۆیی، لەلایەن ڕێبەری

"حکا"وە، بەرلە کۆنگرە، لەبارەی خۆبواردن لە هەرچەشنە باسێکەوە سەبارەت بە "فراکسیۆن"، بەرۆشنی نیەت و مەبەستی سیاسی ئەوانی دەرخست بوو. ئەوان بەتەواوی مافی خۆیانە کە تۆشی شڵەژان وترس ببنەوە. هەموو دڵسۆزان و دۆستانی کۆمەڵە، لەنێوخۆ و دەرەوەی ولات، یەکدەنگ نارەزایی خۆیان لە شێوازەکانی ڕێبەری "حکا" لەبەرانبەرە "فراکسیون"بەڕاشکاوی دەربڕیوە.
پەرۆشی و دڵەڕاوکەی سەرەکی ئەوان، لە پشتیوانیەکی سیاسی بەهێزە کە لەلایەن، ژمارەیەکی زۆر لە کادرەکان و ئەندامانی بەپێشینە و خۆشنێوی کۆمەڵە، لە "فراکسیۆن" کرا. ئەوان لەگۆشەنیگای دڵسۆزی بۆ کۆمەڵە، پشتیوانی خۆیان لە روانگە سیاسیەکانی "فراکسیۆن" ڕاگەیاند. ئەم چەشنە پشتیوانیانە دەتوانێت بەئاشکرا، ڕەوابونی ڕێبەری هەنووکەیی بەسەر کۆمەڵەوە، بباتە ژێرپرسیارەوە. ئەم چەشنە تەنگانە سیاسیانە، هەرحیزبێکی بەدەربەس لانیکەم دەخاتە ئەو بوارەوە، کە بەشێوەیەکی جیدی سیاسەتەکان و ڕەوشەکانی خۆی بداتە بەر پێداچوونەوەوە. بەڵام، ڕێبەری ئێستای تەشکیلات، رێک بە پێچەوانەوە هەنگاو هەڵدەگرێت.

١٩ی ئۆکتۆبەری٢٠٠٨